# گەنج لە نێو هاوکێشەکانی ژیاندا

لە کۆمەڵگایەکدا کە تازە لەسەرە ڕێی کرانەوە و پەیڕەدن بە پێشکەوتن لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، ئەو هۆکارانە چین کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی کێشەکان و پەراوێز خستنی گەنج، ئەمەش بە سەرەتایەکی خەتەرناك دادەنرێت بۆ داهاتەی ئەم وڵاتە، ئایە ئەم پەراویزخستنە لە چیەوە سەرچاوەی گرتوە؟، بڵێی کاریگەری ململانێی نەوەکان بێت، کە ئەمەش پێشینەیەکی دوری هەیە و لە هەموو قۆناغەکانی ژیاندا ئەم ململانێیە بونی هەبووە، یاخود حاڵەتێکی لێکتێنەگەشتنە کە ئەمرۆ سەراپای تێڕوانینەکانی گرتۆتەوە، ئایە گرفتێك هەیە لە نێوان گەنج و دەسەڵاتدا؟، یاخود دیسانەوە نا تێگەشتنێك هەیە، ئەرکی دەسەڵات چیە لە بەرانبەر ئەم قەیرانەدا و دەبێت ئەرکەکانی سەرشانی گەنجانیش چیبن و چۆن جێبەجێیان بکات؟، دەست پێکردنەوەی کۆچی بەلێشاوی گەنجان بۆ؟، ئەی ئەو بەراوردکاریانە چین لە نێوان ژیان و تێڕوانین و تێفکرینەکانی گەنجانی ئێرە و گەنجانی وڵاتانی پێشکەوتوو، کۆمەڵگە چۆن دەڕوانێتە هەڵسوکەوتەکانی گەنج.

ئەمانە و چەند بابەتێکی تری تایبەت بەم کێشەیە لەم تەوەرەدا دەخەینەڕو، بەڵام ئەوەی کە جێگەی ئاماژە پێدانە ئەم تەوەرە کاری نزیکەی 6 مانگە و لە ڕێگەی ڕۆژنامەی جەماوەرەوە خستومانەتەڕو، بۆیە بە پێویستی دەزانین جارێکی تر لە ڕێگەی سایتی دەنگەکانەوە دوبارە بیخەینە ڕوو، چونکە ئەوەی هەستی پێدەکەین بەردەوامی ئەو گرفتانەیە و لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا دوبارە بونەتەوە.

سازدانی تەوەر : ڕێبوار ڕەزا چوچانی : rebwarreza1983@yahoo.com

.........................................................................................

"10 "

**زیرەك کەمال:**

## خەڵك لە وڵاتی ئێمە بۆ ئەوە هەڵنایەت بگاتە بەهەشت، بەڵکو وا تێدەگات کە لە دۆزەخدا دەژییێت!!



*ئەگەر ئێمە لەوەوە دەستپێبکەین دیاردەیەك هەیە بەناوی دیاردەی کۆچی بە لێشاو، واتە کۆچێك کە زۆرینەی خەڵك دەگرێتەوە، با ئێمە باس لە هۆکارەکانی ئەم دیاردەیە بکەین، ئەو هۆکارانە چین کەوا دەکەن ئەم دیاردەیە سەرهەڵبدات؟

-پێموایە دیاردەی کۆچ، یان مێژووی کۆچ لە وڵاتی ئێمەوە بۆ وڵاتانی دەرەوە، مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، دەکرێ بڵێین لە سەدەی بیستەم و بەر لە سەدەی بیستەمیش کۆچکردن لە شارو شارۆچکەکانی ئێمە هەبووە بۆ دەرەوە، بەڵام جیاوازی لە کۆچدا هەیە. بابڵێین ئەگەر لە سەدەی بیستەم کۆچبەرانی ئێمە یان دانیشتوانی وڵاتی ئێمە یان ئەوانە کە لە وڵاتی ئێمە

کۆچیان کردبێت بۆ دەرەوە، کۆچێکی سیاسی رووت بووبێت، بەڵام لە قۆناغی دوای راپەڕین کۆچ تانوپۆی تری هەبووە، هیوا و ئامانج و هۆکاری تری هەبووە، بۆ نموونە لە سەدەی بیستەم رەنگبێ بەشێك لە کۆچ، کۆچی سیاسی بووبێت، نەك هەر لە دەستی داگیرکەر، بەشێك لە رۆشنبیر و پێشەنگانی کاروانی رۆشنبیری ئێمە وەکو(نالی و حاجی قادری کۆیی و...)زۆری دیکەش لە دەست باری دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی، باری دواکەوتوویی فیکری کۆمەڵگە رایانکردووە بۆ دەرەوە و بەشێك لەوانە هەر لەوێ سەریان ناوەتەوە، واتە نەیانتوانیوە لە رێگەی نووسین و هزرو توانستی فیکری خۆیان کۆمەڵگە هوشیار بکەنەوە یان دووچاری جۆرێك لە فشار بوونەتەوە، ناچار سەرزەمینی دەرەوەیان هەڵبژاردووە. دەکرێ بڵێین ئەمە بەشێك بووە لە کۆچێکی سیاسی و فیکریش، دواجاریش خۆمان دەزانین کاتێك کە بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمان پێدەنێتە قۆناغی شۆڕش و بزووتنەوەی پێشمەرگایەتی و...فشاری رژێمە سیاسیەکانیش بۆ سەر کوردستان و بۆ سەر تاکەکانی کۆمەڵگەی ئێمە، ئیتر کۆچێکی سیاسی دەستی پێکردووە، بەڵام لە قۆناغی دوای راپەڕین، کۆچی ئێمە کۆچێکی ترە، ئەگەر لە قۆناغی بەر لە راپەڕین کۆچی ئێمە، کۆچێك بووبێت کە هەڵهاتن بووبێت لە دەستی زەبر و زەنگی رژێمە فاشستەکان و خۆقوتارکردن و دەربازکردنی سەری خۆی بووبێت لە دەستی مەرگ و لەدەستی جۆرەها فشار، ئەوا لە قۆناغی دوای راپەڕین بەشێك لە کۆچبەرانی ئێمە هەڵهاتن بووە لە ئازادی، هەڵهاتن بووە لە قۆناغی نوێ کە وەرزی ئازادی پێگوتراوە، وەرزێك یان زەمەنێك کە بەهێز و وزە وتوانا و خەبات و تێکۆشانی ئەم کۆچبەرانەش دروست بوو کە لە ئازادی خۆیان هەڵدێن، کە دەڵێم هەڵدێن مەبەستم ئەوە نیە بە مانا تەقلیدیەکە، مەبەستم ئەوەیە کە بەرەو سەرزەمینی تاراوگە دەڕۆن، ئەوەش لەوەوە دەگەڕێتەوە کاتێك کە قسەی ئێمە لەسەر گەنجە، گەنجەکانی ئێمە کۆمەڵگە لێیان تێناگات، کاتێك گەنجەکانی ئێمە توانای گۆڕینی کۆمەڵگەیان نابێت، ناچار کۆمەڵگە دەگۆڕنەوە بە کۆمەڵگەیەکی دیکە، واتە کە ئەوان ناتوانن کۆمەڵگە بگۆڕن، کۆمەڵگەکەی خۆیان بە کۆمەڵگەیەکی تر دەگۆڕنەوە، بۆیە ئەگەر ئێمە باس لە رەهەندە بنچینەییەکان و هۆکارەکانی کۆچ بکەین، ئەمە بۆی هەیە دیراسەیەکی قووڵی بوێ یان تێروانینێکی فراوانی بوێ، بەڵام دەکرێ ئێمە لە چەند خاڵێکی یەکجار کورت و چڕدا باری سەرنجی خۆمان بخەینەروو:

بەشێك لە هۆکارەکانی کۆچ ئەوەیە ئەمڕۆ چەمکی نیشتمان و چەمکی خاك و نەتەوە، هەمان مەفهوم و پێناسەی جارانی نەماوە، جاران ئێمە نیشتمانمان قبووڵ بوو بە هەموو شێوەیەك، بۆ نموونە ئێمە لە زیندانەکانی بەعس دەگیراین، ڕانەکانمان شەق شەق دەکرا، نینۆکەکانمان دەرکێشرا، چاوەکانمان دەردەهێنرا، جۆرەها ئازاری رۆحی و دەروونی و جەستەیی دەدراین،

بەڵام نیشتمانەکەمان بەجێ نەدەهێشت و قبوڵمان بوو، یان هەرچەند هەژار بووینایە و دەستکورت بووینایە و باری ژیان و کۆمەڵایەتیمان سەخت بووایە، بە هەموو شێوەیەك نەتەوەپەروەر و نیشتمانپەروەر دەبووین، خەباتمان دەکرد لە پێناوی، بەڵام ئێستا گۆڕانێکی قووڵی ڕیشەیی فیکری و فەلسەفی بەسەر چەمکەکانی نەتەوە و نیشتمان و خاك و خێزان و دەوڵەت.. و هەموو شتێکدا هاتووە، ئەم گۆڕانە ڕیشەییە بۆتە هۆی ئەوەی کە قەناعەتێك نەك هەر لای گەنجەکان بەڵکو لای خەڵکی دیکەش دروست بێت، کە نیشتمان ئەو شوێنە نییە کە تێیدا لەدایك دەبین، نیشتمان ئەو شوێنە نییە کە ئێمە بە زادگای خۆمانی بزانین وەك ئەوەی لەسەر ناسنامەکەمان نووسراوە، ڕەگەز فلان نەتەوە، یان فلان نیشتمان، نیشتمان ئەو شوێنەیە کە مرۆڤ تێیدا وەك مرۆڤ بژی، نیشتمان ئەو شوێنەیە کە مرۆڤ تێیدا هەست بە بوونی خۆی بکات، کەرامەتی پارێزراو بێت، ژیانی پارێزراو بێت، دەستدرێژی نەکرێتەسەر بوونی، سەر ئازادی و کەرامەت و سەر ژیانی، سەر هەموو مافە جۆربەجۆرەکانی، ئەمە لە قۆناغی دوای ڕاپەڕین، کاتێ ئێمە دەچینە قۆناغی ئازادی و ڕژێمی بەعس لە بەشێکی زۆری نیشتمان دەردەکەینە دەرەوە، دەسەڵاتی سیاسی بە ڕێگەی شەرعیەتی شۆڕشگێڕی لە وڵاتی ئێمە دەسەڵات دەگرێتە دەست، بۆ نموونە بەرەی کوردستانی دواجار ئەم دەسەڵاتە شەرعیەتی خۆی دەگوازێتەوە بۆ ناو پەرلەمان و حکومەت، ئەگەرچی پەرلەمان و حکومەت گواستنەوەی دەسەڵات بوو لە شەرعیەتەوە بۆ قۆناغی یاسایی، بەڵام دیسان حزبە سیاسییەکانی ئێمە، بەتایبەت هەردوو حزبە سەرەکییەکە دێن و شەرعیەتی شۆڕشگێڕی و مێژوویی خۆیان دەکەنە پاساوێك و بنەمایەك کە لە قۆناغی دوای پەرلەمان و حکومەت، وەکو دوو حزب مامەڵە لەگەڵ ئیدارە و حکومەت و پەرلەمان دەکەن، نەك ببن بە دوو حزبی مۆدێرن و خاوەنی پەرلەمان و حکومەت. ئینجا یەکێك لە هۆکارەکانی کۆچ ئەوەیە کە ئەم چەمك و پێناسانە گۆڕانیان بەسەردا دێت، کاتێك گەنج هەستدەکات لە نیشتمانەکەیەوە جۆرەها هێرشی دەکرێتە سەر:هێرشی ئایینی، هێرشی سیاسی و کۆمەڵایەتی و نەبوونی و نەبوونی مافە مەدەنی و کەلتووری و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی خۆی، لە کاتێکدا گۆڕانێکیش لە پێناسەی نیشتمان و نەتەوە ڕوویداوە، ناچار ئەو پشت دەکاتە وڵاتەکەی خۆی و لەسەر زەمینێکی تر، لە نیشتمانێکی تر، لە پانتاییەکی جوگرافیای تر، بە دوای خەون و هیوا و ئامانجەکانی خۆیدا دەگەڕێت.

بەشێکی تریش لە کۆچ لە بیرمان نەچێت، بەراستی گەڕانە بەدوای ژیانی ماددیدا، ، چونکە ئێمە ناتوانین یەك پێناسەی گشتگیر بۆ هەموو هۆکارەکانی کۆچ بکەین یان هەموو هۆکارەکانی کۆچ لە یەك پێناسەدا خانەبەند بکەین، بەشێك لە خەڵك بەدوای ژیاندا دەڕوا، بۆ نموونە ئابلۆقەی

ئابووری نێودەوڵەتی لەسەر عێراق و ئابڵۆقەی ئابووری عێراق لەسەر کوردستان و دواجار نەبوونی عەدالەت و نەبوونی عەدالەت لە دابەشکردنی دەسەڵات و سامان و ماف لە وڵاتی ئێمە، ئەمەش بووە بەشێك لەوەی کەوا نەك هەر گەنج، بینیمان ئەوانەی کۆچیان کرد، خەڵکێکی زۆری بە تەمەن بوو، من نموونەم لایە زۆر خەڵکی خاوەن ئاژەڵ و زەوی و زار و نەخوێندەوار و بە تەمەن و پیاوی ئاینی، پیاوی ئاغا، هەموو ئەوانەش بەرەو سەرزەمینی دەرەوە رۆیشتن، ئەمە بۆتە هۆی نەمانی مانایەك یان نەبوونی پەیوەندییەکی ئۆرگانی و دیالیکتیکی و هارمۆنی لەنێوان کۆمەڵگە و نیشتمان و دەسەڵاتی سیاسیدا، تێکچوونی ئەم هارمۆنیە لە نێوان ئەم پەیوەندییانەدا بۆتە هۆی ئەوەی ئینتیما بۆ نیشتمان و نەتەوە لاواز بێت و سەختی گوزەرانیش بە هەمان شێوە رۆڵی خۆی لە مەسەکەدا دەبینێت، دواجار ئەو رووخسارە درەوشاوە و ئەو شێوە جوانەی ئەوروپا لە رێگەی کەلتووری شارستانی و لە رێگەی کەناڵە ئاسمانییەکان و لە رێگەی ژیان و گوزەران و..هتد ئەمانە هەموو کۆمەڵگەی ئێمە دەدوێنێ، وا دەکات لە کاتێکدا تاکەکانی کۆمەڵگەی ئێمە بەراوردی خۆیان دەکەن لەگەڵ دەرەوە، لەرێگەی راگەیاندنی ئەوروپا جۆرە سیمایەکی بەهەشت ئاسا دەدرێتە سیما و رووخساری کۆمەڵگەی ئەوروپا، ئیتر مرۆڤی ئێمە ناچار هەڵدێت و بەرەو ئەوێ دەڕوات، بەڵام لەبیریشمان نەچێت خەڵك لە وڵاتی ئێمە بۆ ئەوە هەڵنایەت بگاتە بەهەشت، بەڵکو وا تێدەگات کە لە دۆزەخدا دەژیێت.

*ئێمە هەتا ئێرە هەڵوەستەمان کرد لەسەر دیاردەی کۆچی بە لێشاو و بەڵگە و دەلالەتی زۆریش هەیە بۆ ئەم دیاردەیە کە لە رابردووەوە هەتاکو ئێستا لەپەرەسەندندایە، بەڵام ئەگەر ئێمە جیاکارییەك بکەین لەنێوان ئەم کۆچانەی لەم وڵاتەدا روودەدن دەبێ بڵێین تا راپەڕین میللەتی ئێمە هەستی دەکرد میللەتێکی ژێردەستەیە دوای راپەڕین وەك جەنابت باستکرد قۆناغی ئازادییە بەڵام لە راپەڕینەوە تا ساڵی 2000 کۆچبەرێکی زۆر چوونە دەرەوە بە تایبەتیش لەناو ئەوانەدا زۆرینەیان گەنج بوون، پێتوانییە هۆکارە سیاسیەکانیش وەك پەرەسەندنی ئەو بارگرژیانەی کە بەناو کایە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی ئەم کۆمەڵگەیەدا تێپەڕیوە لەدوای راپەڕینەوە ئەمەش بەشێك بێت لەو لایەنە؟

-خۆی ئەگەر ئێمە باس لەو کێشانە بکەین، دەبێت باس لە شەڕی ناوخۆش بکەین، بمانەوێ و نەمانەوێ شەڕی ناوخۆ پەشیمانبوونەوە بوو لە راپەڕین، یانی هێزە سیاسییەکان لە شەڕی ناوخۆدا بە ئێمەیان گوت:ئێمە لە راپەڕین پەشیمان بووینەوە، لەلایەکی ترەوە بیرمان نەچێت شەڕی ناوخۆ کوشتنی هەموو جوانیەکان بوو، بەتاڵکردنەوەی نیشتمان بوو لە جوانی، نەهێشتنی مانا بوو لەو شتانەی کە مانایان لای ئێمە هەبوو، بۆ نموونە چەمکی نیشتمان و

نەتەوە کە دەیان هەزار گەنج لە وڵاتی ئێمە لە پێناویدا چوونە بەردەم پەتی سێدارە، جوانترین ساتەکانی بەهاری خۆیان تەرخانکرد، خۆیان بە کوشت دا، بەڵام بمانەوێ و نەمانەوێ شەڕی ناوخۆ هات ئەم مانایەی بۆ نیشتمان و نەتەوە نەهێشت، ژیانی لە نرخ بەتاڵکردنەوە، نیشتمانی لە تام و چێژ خاڵیکردەوە، شەڕی ناوخۆ وەکو هێزێکی ترسناك هات، بەراستی هەموو راستییەکانی کردە ناڕاست و هەموو ناڕاستییەکانی کردە ڕاست، واتە ناشیرینیەکانی بە جوان بە ئێمە فرۆشتەوە و هەموو جوانییەکانی بە ناشیرینی ئێمە فرۆشتەوە، بۆیە من پێموایە ئەگەرچی ئێمە لە چوارچێوەی ئەو ئەزموونەی یان ئەو زەمەنەی کە لە چوارچێوەی شەڕی ناوخۆ ژیاین، ئێمە دەرکمان کرد بە کوشتنی گەنجەکان و بە سووتاندنی گوندەکان و بەفیڕۆدان و بەهەدەربردنی سامانی ئەو وڵاتە، بەڵام پێموایە شەڕی ناوخۆ رەهەندی زۆر قووڵتری هەبووە، شەڕی ناوخۆ مەترسی زۆر قووڵتری هەبووە لەوەی ئێمە لە چوارچێوەی کوشتنی گەنجەکان و بەفیڕۆدانی سامانی وڵاتەکەمانی لە قەڵەم بدەین، بەڵکو شەڕی ناوخۆ قۆناغێکی مێژوویی لە وڵاتی ئێمە سووتاند. قۆناغێکی مێژوویی لە وڵاتی ئێمە خستە بەردەم هەڕەشەی پووکانەوە و وەستان لەشوێنی خۆیدا، لە میانی زیاتر لە(10)ساڵی شەڕی ناوخۆ، کۆمەڵگەکانی جیهان لە ماوەی(10)ساڵدا دەیان داهێنان و پرۆژەی خزمەتگوزاری و پرۆژەی پێشکەوتن دەخەنەگەڕ، بۆیە من پێموایە شەڕی ناوخۆ لە سەد ساڵی داهاتووش، ئەگەر لە ئێستادا ئێمە بڕیار بدەین کە ئەم شەڕە کۆتایی پێ بهێنین، کە من پێموایە هێشتا کۆتایی نەهاتووە، و بمانەوێ کار لەسەر سڕینەوەی شوێنەوارەکانی ئەو شەڕە بکەین، کار لەسەر سڕینەوەی کەلتوورەکانی ئەو شەڕە بکەین، تا سەد ساڵی داهاتووش ئێمە ناتوانین ئاسەوارە ترسناکەکانی ئەو شەڕە لەنێو کایە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و زیهنی و ئەقڵی و کەلتوورییەکانی خۆماندا بسڕینەوە، بۆیە نەك شەڕی ناوخۆ بەشێك بووە لە هۆکاری کۆچ بۆ دەرەوە، بەڵکو شەڕی ناوخۆ هۆکار بووە بۆ بەتاڵکردنەوەی هەموو شتە جوانەکان لە جوانی، بۆ نەهێشتنی مانای هەموو ئەو شتەی نەك هەر مانای هەبوو لامان، بەڵکو خۆشمان لە پێناوی بەخت دەکرد.

*ئەگەر هەڵوەستەی زیاتر لەسەر شەڕی ناوخۆ بکەین، دەبینین کوشتنی هەموو جوانییەکان بوو، کەواتە هەمووم لایەك زەرەرمەند بوون، بەڵام بە تایبەت گەنج زەرەرمەند بوون، پێتوانییە کۆمەڵگە بە گشتی تاوانبارەو حیزب و لایەنە سیاسیەکانی تریش بە شێوەیەکی راستەخۆ یان ناراستەوخۆ بەشێك بوون لەو شەڕە؟

-من لەلای زۆر لە رۆشنبیران و نووسەری هەردوو حزبی سیاسی، زۆرجار دووچاری گلەیی بوومەتەوە، دەڵێن تۆ لە زۆر نووسین و چاوپێکەوتندا باس لە شەڕی ناوخۆ دەکەیت، وەك بڵێی

ئەو بەڕێزانە دەیانەوێ بە ئێمە بڵێن شەڕی ناوخۆ وەك تفەنگێك بوو لەدەستمان دەرچوو، هیچ نەبوو، شتێك بوو هات و رۆیشت یان با بڵێین پەرداخێك بوو لە دەستمان كەوتە سەر زەوی و شكا، یان شەڕی ناوخۆ خەونێك بوو بینیمان، واتە ئەو بەڕێزانە دەیانەوێ بە ئێمە بڵێن باسی شەڕی ناوخۆ نەكەین، من پێموایە باسنەكردنی شەڕی ناوخۆ بە مانای ئەوەیە ئێمە دەمانەوێ دووبارەی بكەینەوە، ئێمە دەبێ باسی شەڕی ناوخۆ بكەین و هەموو كاتێك لەبەردەممان بێت نەك لە پێناوی ئەوەی شانازی پێوە بكەین، نەك لەبەرئەوەی مێژوویەكی جوان و تێیدا تام و چێژی بە ئێمە بەخشیوە، بەڵكو لەبەرئەوەی ئازارێكی ئەوەندە بەسوێ بووە، ئەوەندە زەبرێكی جەرگبڕی لە سەرجەم پانتاییەكانی ژیان لە ئێمە داوە، بۆ ئەوەی دووبارە نەبێتەوە، باسی بكەین. بەڵام ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێ ئێمە باسی شەڕی ناوخۆ نەكەین وەك بڵێی یەكەمجارە بە ئێمە بڵێن شەڕی ناوخۆ هیچ نەبووە، مەبەستیشیان ئەوەیە كە هەرچی بكەر و كاراكتەر و هێز و وزەیان بەخشیوەتە شەڕی ناوخۆ، یەعنی وایان بۆ لە قەڵەم بدەین كە ئەمانە هیچیان نەكردووە، ئەمە شتێكی سادە و ساكار بووە، بەڵام تۆ كە باس لە كۆمەڵگە دەكەی، بمانەوێ و نەمانەوێ ئەوەی كتێبەكەی(كەنعان مەكیە)ی خوێندبێتەوە(دڵڕەقی و بێدەنگی)یان(كۆماری ترس)دوو كتێب ودوو شاكاری گەورەن، پێموایە زۆر كتێبێكی بەنرخن، هیچ كتێبێك لەوانە زیاتر لەسەر مێژووی سیاسی ئەم وڵاتەی ئێمەی نەنووسیووە، هەڵبەت ئێمەش وەك بەشێك لە عێراق، كە بەشێك بووینە بە ناچاری، لە بیرمان نەچێت كۆمەڵگەیەك شەڕی ناوخۆی قبوڵ نەبێت، شەڕی ناوخۆی تێدا روونادات، كۆمەڵگەیەك سەدامی قبوڵ نەبێت، سەدامی تێدا دروست نابێت، كۆمەڵگەیەك سیستەمی فاشی قبوڵ نەبێت، سیستەمی فاشی تێدا پەسەند نابێت، كۆمەڵگەیەك جوندولئیسلامی قبوڵ نەبێت، جوندولئیسلامی تێدا دروست نابێت، كۆمەڵگەیەك توندوتیژی قبوڵ نەبێت یان لەنێو پانتاییەكانی خۆیدا شوێنێك بۆ تیرۆر جێنەكاتەوە، تیرۆر تیایدا دروست نابێت. ئەمە بەمانای بەنزم یان بە كەم باسكردنی كۆمەڵگە نییە، بەڵام ئەوە حەقیقەتی كۆمەڵگەی ئێمەیە، ئێمە بیرمان نەچێت لەناو واقیعی فیكری و كەلتووری كۆمەڵگەی ئێمە نەك هەر شوێنێك هەیە بۆ تیرۆر و شەڕی ناوخۆ، بەڵكو شوێنێكی گرنگ هەیە بۆ دروستكردنی گەرای یەكێك لەو كایە ترسناكانە، ئێمە بیرمان نەچێت ئەگەر شەڕی ناوخۆ تەقاندنی كۆمەڵێك تفەنگ بووبێت بەرووی یەكتریدا لە كەپكی حەمەدئاغا، بەڵام بیرمان نەچێت لە بن بەڕۆچكەی گوندەكان و مزگەوتەكان، لە دیوەخانەكان و بازاڕ و كوچە و كۆڵان و لە خوێندنگە و قوتابخانە و زانكۆش بینیمان دەیان هەزار كەس لە كۆمەڵگەی ئێمە بە بۆكس و دار و بەرد بەربوونە گیانی یەكتری، بیرمان نەچێت ئەو شەڕە خوێناوییانە لەنێوان خوێندكاران و قوتابیان دەكرا، لەنێوان لاوان

خۆبەخۆیــــدا، لــــەنێوان دوو بازرگـــان و دوو جوتیـــار و دوو مامۆســـتا، دوو کرێکـــار، دوو ڕۆژنامــەنووس، دوو نەخوێنـدەوار، بیرمـان نەچـێت شـەڕی نـاوخۆ وەکـو کـەلتوور وەکـو فیکـر، کۆمەڵگەی ئێمە قبولی بووە، بۆیە پێموایە ئەگەر لە داهاتووشدا پێمانوابێت کۆمەڵگەی ئێمە، کۆمەڵگەیـــەکی تەندروســـتە و شـــەڕی نـــاوخۆ وەکـــو بەڵایـــەك بەســـەرماندا هـــاتووە، ئێمـــە خوێندنەوەیـەکی زۆر هەڵە بۆ کۆمەڵگەی خۆمـان دەکـەین یـان پێمانوابێت کۆمەڵگەی عێراق بـە گشتی کۆمەڵگەیەکی پاکە و سەدام وەکو تەنێکی نامۆ و ڤایرۆس و بەکتریا، وەکو کەڕوو هاتووە لـە جەسـتەی پـاك و سـپی و بێگـەردی کۆمەڵگـەی عێـراق نیشتووە، هەڵەیـەکی فیکـری و بگـرە کفرێکی فیکری گەورەش دەکەین. بۆیە بیرمـان نەچێت کلتـووری فیکریمـان، کلتووری سیاسـی و ئاینیمان و لە هەموو بوارەکانی ئێمـەدا، کەلتوورێکە توندوتیـژی و تیرۆر قبـوڵ دەکات بەراستی. ئێمە دوای شـەڕی ناوخۆش بیرمان نەچێت مەسەلەی زۆر لـەو گەنجانـەی لە وڵاتـی ئێمە خۆیـان تەقانـدەوە لـە شـارەکانی باشـووریش خۆیـان دەتەقێننـەوە، بمانـەوێ و نەمانـەوێ گـەنج بـوون و خەڵکی وڵاتی ئێمە بوون. گرووپی شێخ زانا خەڵکی وڵاتی ئێمە بوون، گەنجی ئێمـە بـوون و بگـرە لە زانکۆکانیش دەیانخوێند، زۆر نموونەی تریش بۆیە کۆمەڵگەی ئێمە خاوەن کەلتوورێکە تێیـدا نەك هەر کەلتووری شەڕی ناوخۆ و توندوتیـژی قبـوڵ دەکـات، بـەڵکو خۆشـی بەرهـەمی دەهێنێـت، ئەمـەش دەلالـەت لـەوە دەکـات ئـەم کۆمەڵگەیـەی ئێمـە تـا ئێـستا لـەژێر کاریگـەری کـەلتووری فاشیانەی سەدام بووە، لە ژێر کاریگەری ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق بووە، چونکە هـەموو ئەو ڕژێمانەی کەوا لە ساڵی1920 لە بۆسـەرەوە لـە عێـراق فەرمانڕەواییان کردووە، بـە تـەنیا لـە ڕووی سیاسیەوە کۆمەڵگەی ئێمەیان دانەپلۆسیوە، نیشتمانی ئێمـەیان نەسووتاندووە بـە تـەنیا ئەشکەوت و کانیاوەکانی ئێمـەیان کوێر نەکردۆتـەوە ، بـەڵکو بەردەوام ویستوویانە کەلتوورێکی فاشـیانە و فیکـری تونـدڕەوی و تـیرۆر بخەنـە نـاو کایـەکانی کۆمەڵگـەی ئێمـەوە خـستوشیانە و ئێـستاش پێموایـە ئاراسـتە گـشتییەکان و خانـە و پانتاییـە گـشتییەکانی کۆمەڵگـەی ئێمـە پڕاوپڕکراوە بە کلتووری توندوتیژی، بۆ نموونە تۆ وەرە سـەفەرێکی ڕۆژنامەوانیانـە بەناو گونـدو شـار و شارۆچـکەکانی ئێمـەدا بکـە، دەیـان نموونـە و ڕووداوی خوێناویـت دەسـتدەکەوێت کـە لەسـەر شتێکی زۆر ئاسایی دوو کـەس دەستیان دەچێتە ژیانی یەکدی و یـەکتری دەکـوژن، دوو دراوسێ لەسەر شەڕی دوو منـداڵ(کە هـەموومان دەزانـین ئاسـتی هۆشیاری منداڵ ئاسـتێکی باڵا نییە) دەست دەدەنە تفەنگ و خەڵك لە یەکتری دەکوژن یان دەبیستی لەسەر شەڕی دوو گەنج دوو بنەماڵـەی هـەزار کەسـی بەردەبنـە گیـانی یـەکتری و دەیـان کـەس لـە یـەکتری دەکـوژن، کەواتـە کولتووری توندوتیژی لە وڵاتـی ئێمـە دەبـێ دیراسـەیەکی قووڵی بۆ بکـەین، دەبـێ شان بە شانی

بەستنی دەمی تفەنگەکانی شەڕی ناوخۆ کاریش بکەین لەسەر کوێرکردنەوە و بنبڕکردنەوە، بۆ نەهێشتنی ئەو کایانە و ئەو پانتایی و دەریچە و بنەمایانەی کەوا لەناو هەناوی خۆیاندا شەڕی ناوخۆ دروست دەکەن، شێخ زانا دروست دەکەن، گرووپی تیرۆر و کەلتووری یەکتری قبوڵ نەکردن دروست دەکەن.

*ئێمە لە باسکردنی کۆمەڵگە وێنەیەکمان دەستکەوت، لەناو ئەم کۆمەڵگەیەدا کە هەموو ئەم شتانەی تێدایە تا چەندە زەمینە رەخساوە بۆ دروستبوونی ئازادی و مافەکانی گەنج یان گەنج چۆن بتوانێ لەناو کۆمەڵگەیەکی ئاوهادا خۆی بدۆزێتەوە؟

-من زۆرجار گوتوومە تۆزێ قورسە تۆ لە رۆژگاری ئەمرۆدا، لە واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەمرۆدا، کە کۆمەڵگەی ئێمە پڕاوپڕە لە دەیان قەیران لە وڵاتی ئێمە بە تەنیا توێژی گەنجان کێشەی خۆیانیان نیە، بەڵکو پیریش کێشەی خۆی هەیە، کرێکار و جوتیار و رۆژنامەنووسیش کێشەی خۆیان هەیە، بگرە سەرمایەدار و بازرگان و دەوڵەمەندیش هەیەتی، بگرە کادیری حزبەکانیش و سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بە جۆرێك لە جۆرەکان کێشەیان هەیە، بۆیە تۆزێك قورسە لەنێو ئەو کێشانەدا ئێمە بتوانین پێناسەیەکی فەلسەفی، فیکری تێروتەسەل و تۆکمە بۆ کێشەی گەنج بکەین، بۆیە من پێموایە کێشەی گەنج جیا نابێتەوە لە کێشەی هەموو کۆمەڵگە، کێشەی گەنج کێشەیەکی کۆمەڵایەتیە، کێشەی ئەوە نییە کە کۆمەڵێك گەنجی هەناسەسارد مافەکانیان پێشێل دەکرێت بە تەنیا بەڵکو کێشەیەکی کۆمەڵایەتییە، ئەم کێشە کۆمەڵایەتیەش رەگێکی فیکری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژی و سیاسی هەیە بۆیە هەموو ئەم رەگانە قەیرانێکیان دروستکردووە کە گەنج تیایدا وردە وردە ئەو خەون و ئامانجە جوانانەی کە گەنجی ئێمە هەیانبوو، لە رۆژگاری ئێستادا نەیمێنێ، من پێموایە گەنج لە وڵاتی ئێمە بەدەست کۆمەڵێك کێشەی زۆر گەورە گرفتارە، بەڵام من مەسەلەکە لە دوو شتدا چڕ دەکەمەوە:

گەنجی ئێمە بە دوو کێشەوە گرفتارە:کێشەیەکیان بەدەست ئەو هێز و وزە و جوڵە ناوەکییەی کە لە ناو رۆحی خۆیدایە، پێی دەڵێت کە دەبێ وەکو گەنج بژی، دەبێ هاوسەری لەگەڵ جوانترین کچی ئەم وڵاتە بکەی، دەبێ جوانترین خانوو بکڕی، دەبێ جوانترین ئۆتۆمبیل بکڕی، دەبێ باشترین خواردن بخۆی، جوانترین جلوبەرگ بپۆشی، واتە چێژ و هەستە رۆحی و دەروونیەکان پێت دەڵێن ئەمانە لەناو رۆحی گەنجدا فشار دەخاتە سەر گەنج، کە ئەم حەز و ئارەزووانەی گەنجەکە دەیەوێ بڕژێنێتە ناو واقیع و لەسەر زەمینی واقیعدا بەرجەستەی بکات یان بیانهێنێتە دی، دووچاری بەریەککەوتن دەبێت لەگەڵ سیستەمی پیری ئەم وڵاتە، لەگەڵ سیستەمی سیاسی

ئەم وڵاتـە، لەگـەڵ سیستـەمی ناعەدالـەتی لەگـەڵ ئـەو سیستـەمەی کـەوا نـرخ و بـەها و مافـەکانی گـەنجی قبـوڵ نییـە، واتـە گـەنج لەلایەکدا چێژە ڕۆحیـەکان ئاوای پێدەڵێن و لەلایەکدا سیستـەمە سیاسی فیکری وکۆمەڵایەتیەکانی دەرەوەی خۆشیدا ڕێگرن، بۆیـە ئێمـە ئەگەردیراسـەیەکی قووڵ بکـەین گـەنجێتی لـە وڵاتـی ئێمـە ئەگـەر لـە وڵاتـانی دەرەوە پـڕ چێژترین و پـڕ لـەزەتترین و پـڕ لـە تامترین وێستگە و بەهاری تەمەنی مرۆڤ لە گەنجێتیدا چڕ بێتـەوە، ئـەوا لـە وڵاتـی ئەمە گـەنجێتی قۆناغێکە گەنج لێی رادەکات، جاران گـەنج کە دەگەیشتە قۆناغێکی دیاریکراو فشاری دەخستە سەر دایك و باوکی بۆ ئەوەی ژنی بۆ بهێنن کەچی ئێستا گـەنج رادەکات لێـی، چونکە ناتوانێت هاوسەرەکەی بژێنێت، تۆ کاتێك ژیانی هاوسـەری دروسـت دەکـەیت، دەبـێ خـانووت هـەبێ، دەبێ مووچـەیەکت هـەبێت جگـە لـەوەش گـەنج ناتوانێـت کـەوا جلوبـەرگێکی جـوان لەبـەر بکـات، گـەنج ناتوانێ خاوەنی ئەو پێداویستی و میکانیزمانە بێت کەوا رەونەق و جوانی دەدەنـە گـەنج، کەواتـە گـەنجێتی وێستگەیەکە تاکەکانی کۆمەڵگەی ئێمـە لێـی رادەکـەن، بۆیـە پێموایـە جگـە لـەوەش کـە سیستـەمی کۆمەڵایـەتی و فیکـری و ئـاینی و دەسـەڵات و پیر بـە هـەموو مانایەکیـەوە واتـە لـە نێـو کۆمەڵێك بەرداشدا گەنج تێکدەهاڕدرێ، من بە قەناعەتـەوە دەیڵێم گـەنجێتی لـە وڵاتـی ئێمـە وەکـو ژیان، وەکو لەزەت، وەکو واقیع بوونی نییە.

*با بێینەوە سەر مەسەلەی کۆچ، ئێمـە پـێش راپـەڕین تـا راپـەڕین بـە قۆناغێك ئەژمارمان کـرد، لـە راپەڕین پێش رووخانی رژێمی بەعس، ئەمـە قۆنـاغێکی تـرە، بـەڵام دوای ڕووخـانی بـەعس خـەڵك پێیوابوو ئاسۆیەکی تر لەم وڵاتە بەدیاردەکەوێت یان پانتاییەکی تـر لـە جوڵانـەوە لـە ئـازادی، لـە کرانـەوە دروسـت دەبێـت، بـەڵام سـەیر دەکـەی دوای رووخـانی بـەعس هـەمان سیناریۆ دووبـارە دەبێتـەوە یـان دووبارە کۆچـی بـە لێشاو دەسـتی پێکردۆتـەوە، مانا و دەلالەتـەکانی ئەم کۆچـەی ئێستا چییە؟

-بیرمـان نەچێت کێشەی ئێمـە لەگـەڵ سـەدام کێشەیەکی سیاسـی نـەبوو، بـەڵام لـە قۆنـاغی دوای راپـەڕین، کێشەکەمان وا چـڕ کـردەوە وەك بڵێـی ئەگـەر ئێمـە کێشەکەمان لـەوەدا چـڕ بکەینـەوە کێشەکەمان تـەنیا دەسـەڵات بـووە، دەسـەڵاتی بـەعس لابـدەین و دەسـەڵاتێکی خۆمـاڵی بهێـنین، شتـەکەمان لـە رووی واقیعـدا وا کـرد، کێشەی ئێمـە لەگـەڵ رژێمـی سـەدام کێشەیەکی فیکـری و ئـەخلاقی و فەلسـەفی و ئـابووری و کۆمەڵایـەتی و کـەلتووری بـوو، ئێمـە هـاتین هـەموو شتـەکانمان خستە نێو سەبەتەی سیاسەت، باقی مەسەلەکانی ترمان فەرامۆشکرد، ئێمە لەنێو پانتایی فیکـری و فەلسـەفی و ئـەخلاقی و کـەلتووری و کۆمەڵایـەتی و ئابووریـدا هـیچ پـرۆژە و بەرنامەیـەکمان نەخستەگەڕ، واتە کێشەی ئێمە تەنیا ئەوە نەبوو، تەنیا کڵاو سوور و جل زەیتونیەکانی بەعس لە

شار و شارۆچكە و دێهاتەكانی كوردستان بەدەربنێین، بەڵكو دەبوو ئێمە لە پاڵ دەركردنی ئەوان و شاربەدەر كردنیان دەبوایە سیستەمێكی فیكری و ئەخلاقی و ئابووری و كەلتووری نوێ لەم وڵاتە دروست بكەین، بەڵام نەمانكرد، كە نەمانكرد كەواتە شەڕی ناوخۆ وەكو بەشێك لە سیما هەرە ناشیرینەكانی كایەی سیاسی جارێكی تر خۆی فڕێدایەوە ناو ململانێ سیاسییەكانی ئێمە، چونكە ئێمە لە واقیعدا وامان بە مێژوو گوت كە كێشەی ئێمە تەنیا كێشەیەكی سیاسییە لەگەڵ ڕژێمی عێراق، بۆیە بیرمان نەچێت پێناسەی ماركس بۆ شۆڕش، پێناسەی بۆردیۆ، پێناسەی دانەرانی قوتابخانەی فرانكفۆنیەكان وەكو ئادۆرنۆ و زۆر لە فەیلەسوف و ڕۆشنگەرانی تر كە باسی شۆڕشیان كردووە: شۆڕش جوڵەیەكە لە كۆمەڵێك بەرەدا، شۆڕشی سیاسی تەنیا گۆڕینی دەسەڵاتی سیاسی شۆڕش نیە، شۆڕش ئەوەیە تۆ لە پانتایی ئابووری و كۆمەڵایەتی و ئەخلاقیدا گۆڕانێكی ڕیشەیی و چۆنایەتیدا بكەیت. كەواتە لە قۆناغی دوای ڕاپەڕین، لەبەرئەوەی ئێمە نەمانتوانی ئەم گۆڕانە ڕیشەییە بكەین، ئێمە نەمانتوانی مەسەلەكان لە دەرەوەی سیاسەت بخوێنینەوە، بووە هۆی ئەوەی كە لەم وڵاتەدا ژیانیش هێڵە گشتییەكانی ڕەنگ و سیماكانی گۆڕانێكی ئەوتۆیان بەسەردا نەیەت. بیرمان نەچێت ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم(دیمۆكرۆس)قسەیەكی هەیە دەڵێ:كاتێك شۆڕش لەناو كایەی سیاسدا دەچەقێت، بیرمان نەچێت ئەو شۆڕشە هەڵگری هەر بەها و فیكر و ڕێبازێك بێت، هەڵگری هەر دروشم و ئالایەك بێت، بەڵام كە لە شوێنی خۆیدا لە نێو كایەی سیاسیدا چەقی و نەیتوانی پەل و پۆی بهاوێ بۆ پانتاییەكانی تر و گۆڕان لە بوارەكاندا دروست بكات، سەرئەنجام تووشی خۆخواردنەوە و خۆگرمۆڵەكردن دەبێت و دواجار لەنێو هەناوی خۆیدا وردە وردە بەرەو قۆناغی پاشتر دەگەڕێتەوە.

*باسی ئەوەمان نەكرد ئەم كۆچە بە لێشاوە كە ئێستا هەیە و من ناوی دەنێم بە لێشاو، ئەوەی سەرنجی تێدا دەدەین، حەزێك هەیە لە ناخی گەنجدا بۆ ڕۆیشتن، بۆچی ئەو ئاسۆیانە نەكرانەوە، بەڵگە و دەلالەتەكان چین بۆ ئەم كۆچەی ئێستا؟

-ڕەنگبێ لە هەندێك لە وەڵامەكانی پێشووتر باسی ئەوەم كردبێ، بمانەوێ و نەمانەوێ گەنج كە بە لێشاو كۆچ دەكات لە وڵاتی ئێمە، ناكرێ لە یەك پێناسەدا یان لە یەك چوارچێوەدا خانەبەندی بكەین و پێناسەی بكەین، لەبەرئەوەی ئەو خەڵكەی دەڕوات كۆمەڵێك هیوا و مەبەستی هەیە، گەنج هەیە بەدوای ژیاندا وێڵە، گەنج هەیە لە دەستی ناعەدالەتی ڕادەكات، گەنج هەیە لە داخی ئەوە ڕادەكات كە نیشتمان هیچی بۆ ناكات، ئەو هەموو شتێكی بۆ نیشتمان كرد، بەڵام نیشتمان هیچ بۆ ئەو ناكات، یان دەسەڵاتی سیاسی لەنێو هەناوی خۆیدا لەناو پانتاییەكانی واقیعی خۆیدا

شوێنێکی بۆ ناکاتەوە وەکو مرۆڤ بژیێ، مافەکانی دابین بکات، کەواتە پێموایە لە وڵاتی ئێمە کۆچ هەڵهاتنە، (هەڵهاتن بە مانا تەقلیدیەکەی نا بەزین)بەڵکو هەڵهاتنە بەدوای ژیانێکی تردا بەدوای بونیادنانی واقیعێکی تردا کە لێرە نیشتمان رێگەی نادات دروستی بکات، من جارێکی تر جەخت لەسەر ئەو قسەیەی خۆم دەکەمەوە:گەنج لە وڵاتێ کاتێ نەتوانێت کۆمەڵگە بگۆڕێت ناچار کۆمەڵگەکەی خۆی دەگۆڕێتەوە بە کۆمەڵگەیەکی تر.

*مەترسییەکانی ئەم رەوشە لە چیدایە؟

–من پێموایە هەموو کۆچکردنێك بۆ دەرەوە مەترسیدار نیە، زۆرجار ئەو پرسیارە رووبەڕووی زۆر خەڵك دەکرێتەوە، وەك بڵێی کۆچی لاوان و کۆچی ئەوان بۆ دەرەوە تەواوی ئەو جوڵەیەی ئەوان بە ئاراستەی مەترسی لە قەڵەم بدەین، ئەوەش دەلالەت لەوە دەکات کە کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی داخراوە بە درێژایی مێژوو گومانی لە هەموو کەلتوورێکی دەرەوەی خۆی کردووە، گومانی لە خەڵکی بیانی کردووە بۆیەش ئەم کۆمەڵگەیەی ئێمە کۆمەڵگەیەکە بە زەحمەت دەکرێتەوە، کۆمەڵگەیەکە نە بە ڕووی دەرەوە، نە بە رووی ناوەوەی خۆی توانای کرانەوە نیە، من پێموایە ئەو خەڵکەی کە دەڕۆن بۆ دەرەوە، ئەگەر لەوێدا نیشتمان سۆز و خۆشەویستی خۆیان بۆ بکاتەوە، نیشتمان حیسابی ئەوەیان بۆ بکات کە لەوێشدا هەر ڕۆڵەی ئەم نیشتمانەن، پێموایە دەتوانن بە هوشیارییەکی نوێ، بە ئەقڵیەتێکی نوێ، بە فیکر و فەلسەفەیەکی نوێ بگەڕێتەوە ئەم وڵاتە و وڵاتی ئێمە، کۆمەڵگەی ئێمە سوود لە تەجروبەکانیان وەردەگرێ، شان بە شانی کایەی فیکری و کەلتووری پێشموایە هەتا لە رووی ماددی بیرمان نەچێت لە قۆناغی دوای راپەڕین ئەگەر ئەو خەڵکەی دەرەوەی وڵات نەبوایە یان ئەگەر دانیشتوانی وڵاتی ئێمە ڕۆڵەکانیان لە دەرەوە نەبوایە، بەشی هەرە زۆری کۆمەڵگەی ئێمە لە رووی ئابوورییەوە ژیانی سەختتر دەبوو لە رووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و باری بژێوی و گوزەران. دەتوانم بڵێم بە دەیان ملیۆن دۆلار لە رێگەی ئەو خەڵکانەی ئێمە کە کۆچیان کردووە بۆ دەرەوە هاتە نێو بازاڕی نیشتمان و بەشداریکرد لە باشکردنی ژیانی ماددی خەڵك، یان بیرمان نەچێت ئەگەر ئێمە بمانەوێت کۆمەڵگەی خۆمان بکەینەوە و بمانەوێ بەرەو پێش بڕۆین لە کۆمەڵێك بابەت بەراستی پێویستمان بە فیکر و فەلسەفەی خۆرئاوا هەیە، پێویستمان

بە تێکەڵاوبوون لەگەڵ کەلتووری بیانی هەیە، چونکە کەلتووری ئێمە، فیکر و فەلسەفەی ئێمە کایەی سیاسی و ئەقڵی ئێمە، کایەیەکی زۆر هەژارە، رۆشنبیرییەکی زۆر هەژارمان هەیە، کە دەبێ دان بەو راستییەدا بنێین، کەواتە بۆ متوربەکردن و جوڵاندن و گەرمکردن و گەشەپێکردنی ئەقڵیەت و فیکر و هزر و رۆشنبیری خۆمان پێویستمان بە دەرەوە هەیە، ئێمە چۆن دەتوانین

پردێك لەگەڵ دەرەوە دروست بكەین، لە دوو ڕێگەدا:یەكەمجار لە ڕێگەی پرۆسەی وەرگێڕانێكی بەرفراوانی نووسین و تێزە فیكری و فەلسەفییەكانی نووسەر و فەیلەسوفەكانی جیهانی. دووەمجار لە ڕێگەی تێكەڵاوبوونی كردەگیمان لەگەڵ گەلان و دانیشتوانی وڵاتانی دەرەوەی خۆمان بە تایبەتیش خۆرئاوا.

*دەمەوێ لەسەر ئەو مەترسییانە پێدابگرم، ئێمە قۆناغی شۆڕشمان بەرێكرد، قۆناغی ئازادیمان بەرێكرد، لەسەردەمی ئەو نەهامەتیانەی بەسەرماندا هات بە ئابلۆقەی ئابووریشەوە، بەشێك لە كۆچبەرانی ئێمە بەدوای لایەنی مادیدا ڕۆیشتوون، بەڵام من پێموایە ئەم قۆناغە دەبێ ناوبنێین قۆناغی بونیادنانەوە لە هەموو ڕووەكانەوە، لە هەموو كایەكانەوە، بەس مەترسی لەوەدایە هەموو گۆڕانێك كە دروست دەبێ لە هەموو دنیادا پێكهاتەی سەرەكی ئەو گۆڕانانە بمانەوێ و نەمانەوێ جوڵەكەی لەسەر ئەستۆی گەنجە، بەڵام ئێمە كە لە سەردەمی قۆناغی بونیادنانەوە و هەوڵدانین بۆ گۆڕان، ئەگەر گەنجێك لێرە هەڵبێ و خۆشەویستی و ئینتیمای بۆ نیشتمان و نەتەوەكەی نەمێنێ، ئێمە چۆن بتوانین گۆڕان دروست بكەین كە گەنجمان بەدەستەوە نەمێنێ، لە ڕوانگەی منەوە ئەمە مەترسییە.

-دەشێت بەرفراوانتر تەماشای شتەكان بكەین، لە وڵاتی ئێمە كۆمەڵێك قەیرانی یەكجار گەورە و كوشندە هەن، ئەم كێشە و قەیرانە كوشندانە بوونەتە هۆی ئەوەی كەوا بە ڕاستی ئاراستەی ژیان لە وڵاتی ئێمە بە ڕووكاری یەكجار مەترسیدا بڕوات، بۆیە مانەوەیان لەو چوارچێوەیەدا كە ئێستا ئێمە دەیبینین، دەستكارینەكردنێكی ڕیشەیی ژیان و گوزەرانی خەڵك و دەستكارینەكردنێكی ڕیشەیی لەو واقیعەی ئێستا هەیە لە هەموو پانتاییەكانیدا من پێموایە نەك بە نیسبەت توێژی گەنجان بەڵكو بەشبەحاڵی سەرجەم چین و توێژەكانی كۆمەڵگەی ئێمە مەترسی گەورە بەرێوە دەبێت، ئەگەر ئێستاش خۆی لەوەدا بەرجەستە كردبێت، كە ئینتیما و ئیلتیزام و سۆزی تاكەكانی ئێمە بۆ نیشتمان و نەتەوە لاواز بووبێت، یان وای لێهاتبێت كە دیواربەندی و پانتاییەكی گەورە لە نێوان چین و توێژەكانی كۆمەڵگە لەگەڵ كایەی سیاسی و سیستەمی دەسەڵات لە وڵاتی ئێمە دروست بێت كە هەموومان دەركی پێدەكەین، من پێموایە لە داهاتوودا مانەوەی ئەم مەترسییانە گەڕانەوەیەكی یەكجار كوشندەی بەدوادا دێت، كۆمەڵگەی ئێمە زۆر خراپ بەرەو دواوە دەكشێتەوە، واتە هەموو ئەو سەرەتاو بنەمایانەی كە ئێمە یان كۆمەڵگەی ئێمە، ڕۆشنبیرانی ئێمە یان با بڵێین كۆمەڵێك ڕۆشنبیر و خەڵكی خەمخۆری ئێمە وەكو بنەمایەكی پتەو بۆ مەسەلەی پرۆسیسی دیموكراسی، سیستەمی دیموكراسی، كۆمەڵی مەدەنی دایانڕشتووە ئەوانە بە ڕاستی دەكەونە بەردەم هەڕەشەی نەمان و لەناوچوون، واتە ئێستە ئێمە لە

وڵاتێـك دەژیـن تـا ئێـستا دیموکراسـیەت نەبۆتـە سیـستەم و بـەها و ئـەخلاق و کـەلتوور، دیموکراسیەت وەکو فیکر، وەکو بیرۆکە و کۆمەڵێك دیاردەی رووکەشانە لەنێو کۆمەڵگە و کایەی سیاسی حزبی ئێمەدا هەیە، بەڵام ڕۆنەچۆتە ناو هەناوی کۆمەڵگە، تەرجەمە و پراکتیزە و موتربە نەکراوە بۆ نێو هەموو شادەمارەکانی کۆمەڵگە، خانەکانی کۆمەڵگەی ئێمەی پڕنەکردووە بە وزەی خۆی، کەواتە پێمواپە ئێمە لە بیرۆکەداین بۆ دروستکردنی دیموکراسیەت و کۆمەڵگەی مەدەنی بەڵام مانەوەی دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری  لە وڵاتی ئێمە بەو شێوەیە مەترسی ئەوە هەیە، ئـەوەی کـە وەکـو شـتێکی بـچووکیش بەدەسـتمان هێنـاوە بکەوێتـە بـەردەم هەڕەشـەی لەناوچوون.

*من لـە هـەموو گفتوگۆکانـدا ئەوانـەی کـە تایبـەتن بـە گـەنج، کـاتێ بـاس لـە گرفتـەکان دەکـەین، دەمەوێ ڕێگەچارەکانی دەستنیشان بکەین بۆیە دەمەوێت لە تۆش بپرسم لەم قۆناغەدا ئەرکی سەرشانی دەسەڵات چییە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی گەنج؟

-ئێمە لەبیرمان نەچێت لە وڵاتانی ئەورووپا، لـە وڵاتـانی دیموکراتیك دەسـەڵات بـەبێ فشار کاری باش ناکات، دەسەڵات لە هەموو دنیادا دیموکراسی نیە، بەڵکو دیموکراسی قبوڵ دەکات. بۆیە ئێمـە پێویـستمان بـە چالاککردنی کۆمـەڵی مـەدەنی هەیـە، پێویـستمان بـەوە هەیـە ڕۆشـنبیران و هـەموو ئەوانـەی کاراکتـەر و هـەوێن و وزە و هێـزی دروسـتکردنی کۆمـەڵی مـەدەنین و گـۆڕانی بەردەوامن لەناو کۆمەڵگەدا، دەبێ چالاکتر ئیش بکەن، ئەگەر گۆڕان لە وڵاتی ئێمە نەبووبێت بە پرۆژە و نەشبوبێت بە ئاراستەی کارکردن بەڵام خەون و هیوا و کۆمەڵێك ئامانجی رەنگاڵەییە لـەناو هـزر و بـیری خەڵکـدا، لـە پیرێـك هـەتا دەگاتـە گـەنجێك، لـە خوێنـدەوارێك هـەتا دەگاتـە نەخوێندەوارێك، لە منداڵێك تا کەسێکی بە تەمەن هەموویان خەونی گۆڕانیان هەیە و دەڵێن دەبێ واقیع و زروف بگۆڕێ، کەواتـە مـادام گـۆڕان بـوو بـە هیـوا و ئامـانجی گـشت کۆمەڵگـە، کەواتـە بمانـەوێ و نەمانـەوێ ئـەمرۆ و سبـەی تـۆ دەبێت پێـی بگـەیت، چونکە هـەموو شتێك کە بـوو بـە ئامـانجێکی دەسـتەجەمعی، ئـەم ئامانجـە دەبێ بێتـەدی، بـەڵام ئەمـە کەوتۆتـە سـەر زەمـەن و ئـەو قۆناغـەی کـە تـۆ پێیدەگـەی، واتـە شـتەکە لەسـەر کـات و سـات وەسـتاوە، نـەك لەسـەر ئـەوەی کـە بەدەستهێنراوە، ئێمە لە دەرەنجامی چەقینمان لەدەست خۆمان، لەدەستی بدەین.

*بەرای تۆ بۆ باشترکردنی کایەکانی ژیانکردن بۆ گـەنج، گـەنج لـەبری ئـەوەی هـەڵبێ، چ ئـەرکێکی لە ئەستۆیە؟

-من پێشووتر گوتم گەنج لە وڵاتی ئێمـە، کۆمەڵگـەی خـۆی بـە کۆمەڵگەیـەکی تـر دەگۆڕێتـەوە، من ناتوانم وەك مامۆستایەك یان واعیزێك ڕێوشوێن و ئامۆژگاری بۆ گەنج دیاری بکەم، بەڵام بمانەوێ

و نەمانەویٚ دەبیٚ گەنج لە ولاٚتی ئیٚمە بیری نەچیٚت، پرۆژەی هەموو گۆڕانیٚك لە سەرانسەری دنیا گەنج بووە، پرۆژەی هەموو شۆڕش و راپەڕینیٚك و هەتا حزب و لایەنە سیاسییەكانی ئیٚمە هەتا ئەوانەی دژی گۆڕانیشن، ئالاٚی دژی گۆڕانیان هەلٚكردووە، دان بەو راستیەدا دەنیٚن كە لە ریٚگەی وزە و هیٚزی گەنج دەتوانریٚت گۆڕان دروست ببیٚت، بەلاٚم لە یادمان بیٚت تەنانەت لە ولاٚتانی دەرەوەش بۆ نموونە ولاٚتانی ئەورووپا كاتیٚك خەریكە كۆمەلٚگەی ئەورووپی سیستەمی سیاسی و فیكری و دەسەلاٚت و حكومەت و پەرلەمان خەریكە خیانەت لە رابردووی خۆی دەكات، خەریكە خیانەت لە مۆدیٚرنە و عەلمانیەت دەكات، سالٚی 1968 گەنجەكان لە فەرەنسا و دواجار لە هەموو پانتاییەكانی ئەورووپا بلاٚودەبنەوە و ریٚپیٚوان و خۆپیشاندانی گەورە گەورە دەست پیٚدەكەن، دەسەلاٚتی سیاسی وا لیٚدەكەن بگەڕیٚتەوە سەر ئەو بەها و فیكر و كەلتوور و فەلسەفە جوانانەی كەوا كانت و هیگل و فیورباخ و ماركس و كۆمەلیٚك فەیلەسوفی گەورە لە ئەورووپا دایانڕشت. كەواتە لە ولاٚتی ئیٚمەش گەنج دەبیٚ پرۆژەی دیكەی هەبیٚ، دەبیٚ چالاكتر و ریٚكخراوتر بیٚ، دەبیٚ بزانیٚ كە پرۆژەی گۆڕانكاری لە ئایندەدا پرۆژەی نەهیٚشتنی ئەو قەیرانە لە ولاٚتی ئیٚمە دەبیٚ گەنج بیٚت، بەلاٚم بە داخەوە سیستەمی سیاسی لە ولاٚتی ئیٚمە و هەموو سیستەمە فیكرییە داخراوەكان، سیستەمی پیرەكانی ئیٚمە مامەلٚە لەگەلٚ گەنج دەكەن وەك وزەیەك و ماسولكەیەك و جەستەیەك بۆ پاریٚزگاریكردن لە سیستەمی پیری ئەوان، واتە ئەوان لە ولاٚتی ئیٚمە گەنجیان وا دەویٚ كە پاریٚزەری بەردەرگای ئەوان بیٚ، واتە ئەوان بپاریٚزیٚ لە فەوتان یان رزگاریان بكات لەدەستی ئەو حوكمە میٚژووییەی كە بەسەریاندا دانراوە، بەلاٚم دەبیٚ گەنج خۆی بەو شیٚوەیە مامەلٚە لەگەلٚ خۆی بكات، خەمی ئەو تەنیا ئەوە نیە لەدوای مافەكانی خۆیدا بگەڕیٚت بەلٚكو خەمی ئەو گۆڕان بیٚ لە هەموو پانتاییەكانی ژیاندا.